www.kurdistannet.org

# نهێنی

لەسەر پەڕەی ڕۆحی باڵە فڕێی پەپوولەی خۆزگەیەکا

دوو چاوی زیتی نهێنی دێتە لەنگین

لە قۆزاخەی ئاونگێکا

لەسەر سنگی لاسکی گیاکەڵەی لاڕێی یەك

نیگا وەنەوز

دەمی بۆ چۆڕاوگەی خەمێکی ناو سك بڕ ئەکاتەوە!

کە نهێنی دەست دەنێتە نێی ئاهەنگی خەوێکی قووڵ

ڕێژنە هەناسەیەك دێت بە بەژنی دار ئەرخەوانی دڵ هەڵئەچێت و

قەد و باڵای خۆی وەرئەدا لە زریانی پەژارەیی.

گەڵا ووشکە کەساسەکان،

سەر لە گۆڕی بێ ئاواتی دەردێنن و

دەڕواننە لووتکە تەم لە باوەش گرتووەکان

کات...دەبێتە ڕێبوارێکی ئۆقرە بەزێن

شەو...باڵەکانی لێك ئەدا و،

خەندە سەربڕاوەکان دەکاتە مەززەی ئێوارە دانیشتنێك!

دەم و چاوێك لەم تەمتومانی نهێنی یە،

لە ئازاری شێواندنیا ،شیوەنیەتی.

دەستێك چاوی پەنجە وەریوەکانی خۆی هەڵئەگلۆفێ و

دوو پێ بە شوێن لەشی وون بوویا ئەگەڕێن

گۆشەی تابلۆ..تاوێ تاریك،تاوێ ڕووناك

سەرنج دەداتە گلێنەی لەززەتی ژین

شەوەکان دەبن بە یەڵدا و

مرۆڤەکان گوڵە بەڕۆژەی ئێسکی یەکتر دەکرۆژن

www.kurdistannet.org

شار تاوێك مات، تاوێك هەڵڵا..

چاو لە چاوی خۆی بێزارە

لەش سەری خۆی پێ هەڵناگیرێ

ڕۆژێك ڕەوە بەرەو هەڵدێری كۆچێكی ناوادەیی و

ساتێك بە دیار تەرمی هەناسە ،گریانە!

****

ئەم نهێنی یە،دەمی ژەنیوەتە خوێنی باڵ بەستوەكان

لە تیزابی لەززەتیانا...هێلانە چێ ئەكاو ئەنوێ

پێ یەكی وا لە بادینان،ئەوی تریان لە سلێمانی

بە دەستێكی ڕیشی ڕەشی ئایەتووڵڵا شانە ئەكا و

بەوی تریان ئەتاتورك دێنێتە سەما و گۆرانی

وەك خوویەكیش ..جار نە جارە،

دڵ ئەخاتە نێو خوێن دانی شیراتۆنی شاری بەغدا

ئەم نهێنی یە قفڵی داوە لە خۆشەویستی مانگە شەو

تریفە لە خوێن دەپێچێ

بە بێژنگی لاشەی كون كون كراوی ژیان،

زریانی مەرگ پێش خۆ دەدا و

هەناسەكان بەرەو پایان ڕادەپێچێ.

****

ئەم نهێنی یە دوو جامانی ڕەش و سووری لەسەر دایە

سبەینان دێ، چاوی بە شەونم تەڕ ئەكاو

لێوی دەكا بە لایلایەی شەڕێكی نوێ

ڕۆژی سێ جار بەرۆكی خەڵكی شار ئەگرێ و

قاقا..قا قا ...

بە مەرگی سووری گوڵاڵە پێ ئەكەنێ!

www.kurdistannet.org

ئەم نهێنی یە ،تەڵە لە نێو لوولەی خوێن و دەماری هەست دائەبەستێ

ڕەواز..ڕەواز..

بە هەورازی خوێن مژینا سەر ئەکەوێ

دێ و وەك زەروو ئەدا لە دڵ

دەم لە شیری مەمكی خۆزگەكان دەژەنێ

وەك مێروولە بە دیواری ژینی بەشەر هەڵدەزنێ

لە پرسەدا...دێ هەڵپەڕكێ دا ئەبەستێ و

لە گوماندا ..دێ ئەندێشە بە با ئەدا

ئەم نهێنی یە ،بە نهێنی خەم دایدەگرێ و

بە نهێنی لە دایك ئەبێ لە ناو خەم دا.

..................................................عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

.............................................1997-1998

..................................................ڤانكۆڤەر/كەنەدا

تێبینی/ئەم شیعرە لە پاشكۆی ئەدەب و هونەری (پەیامی كۆمۆنیزم) ی ژمارە 9 بڵاو كراوەتەوە.